# دیمانە nawxo.org لەگەڵ ئاسۆ كمال



**ئاسۆ كمال**

**2007/03/23**

1. سەرەتا حەزمان لێیە زیاتر لەناخی كاك ئاسۆ قوڵ بینەوە و بیناسین؟

من لەخیزانێكی كرێكاری لە شاری سلێمانی لەدایك بووم و لە 1982 پەیوەندیم كرد بە كۆمەڵەی رەنجدەران و لە 1983 وازم هێنا و لە1986 گروپی "كرێكارانی كۆمۆنیست " مان لەگەڵ چەند هاوڕێیەكدا پێك هێنا و چەند مانگرتنی كرێكاریم لەسەردەمی بەعسدا رێك خستوە و لە راپەرینی 1991لەدامەزرێنەرانی شوراكانی سلێمانی بووم و لە دوای ئاوارەیی 1991هەستەی كرێكارانی سوسیالیستمان پێك هێنا و لە 1992 گروپی "سەرنجی كرێكار " مان دروستكرد و لە 1993 لە دامەزرێنەرانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق بووم و بەرپرسی رادیۆی حزب بووم و لە 1999"گۆڤاری رفراندۆم" م لەلەندەن دەركرد كە 11ژمارەی لێدەرچوو و لە 2000دا كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستانم بەرێخست كە پشتیوانی نیونەتەوەیی بەشێك لە حزب و ئەندام پەرلەمانەكانی وولآتانی ئەوروپا راكێشابوو و ئەم كەمپینە لە كوردستان ولەدەرەوە لە ناو خەلكی كوردستاندا ناسراوە . هەروەها لە دەستەی داكۆكی لە داخوازیەكانی خەلكی كوردستاندا چالاك بووم و ئێستا ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراقم و خەریكی پێكهێنانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستانم.

2. رەوشی ئیستای كوردستان چۆن دەبینیت؟

بەرای من رەوشی ئیستای كوردستان لە بەردەم هەرەشەی جۆراوجۆر و ئایندەیەكی نادیاردایە. كوردستان لە دوای روخانی بەعس زیاتر لكێنراوەتەوە بە عیراقەوە و چارەنوسی سیاسی و ئابوری سپێردراوە بە سیناریۆی تاریكی شەڕی تایفی و داگیركاری ئەمریكا لە عیراقدا. راپۆرتی بەیكەر – هاملتون یەكێك لەو شۆكە كارەباییانە بوو كە ئایندەی كوردستانی خستە پێش چاو و گوێی هەركەسێكی خۆشباوەڕ بە وەزعی ئیستای كوردستان كردەوە. لەم چەند مانگەدا بینومانە كە كەشتی شكستی ستراتیژی ئەمریكا لە لیواری دەریا نزیك دەبیتەوە و خەڵكی كوردستان كە یەكێك لە سەرنشینانی ئەو كەشتیەن هیچ ئایندەیەكیان دیارنیە. لەلایەك دەسەڵاتی ناوخۆی عیراق لە شەرێكی خویناوی و سەرتاپاگیردا نوقم بوە و بیجگە لەدرێژەكێشانی ئایندەیەكی تری لەبەردەمدا نیە و لەلایەكی تریشەوە توركیا وئیران لەبۆسەدان كە لەهەر ئاڵوگۆرێكی وەزعی عیراقدا بە هێرش و دەستیوەردان وەزعی كوردستان بشێوێنن و بیكەنە پاشكۆی دەخالەتی خۆیان لە عیراق و ناوچەكەدا. هاوكات شەڕی ئەمریكا وئیرانیش سەرچاوەیەكی تری هەرەشەیە كە كوردستان دەخاتە ژێر پێی ئەو شەڕەوە.

وەزعی ئابوری خەڵكیش لەسایەی گەندەڵی ئیدارەی یەكێتی وپارتیدا خراپە و خەڵك لەسەرەتاییترین پیویستی وەك كارەبا و ئاو بێبەشن و هەژاری و نزمی دەرامەت نسیبی زۆربەی خەڵكە و دەوڵەمەندی هەڵئاوساویش بەشی سەركردە و كاربەدەستانی هەردوو حزبی ناسیونالستی دەسەلاتدارە. نارەزایەتی دژ بەم وەزعیەتە لە ناو بەشە جۆراوجۆرەكانی خەلكی كوردستاندا درێژەی هەیە و ڕوو لەهەڵچوونی زیاترە. هاوكات پاوانكردنی دەسەلات لەلایەن یەكیتی وپارتیەوە و رێگە نەدان بەئازادی هەلسورانی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن بونی ئەم دەسەلاتە مەسەلەیەكی ترە كە رۆژبەڕۆژ پیویستی پیكینانی بەدیلیكی تری سیاسی بۆ شیوازی دەسەلات و ڕزگاركردنی كوردستان لەم بارودۆخە سیاسی وئابوریە نالەبارەی ئیستا دەخوازێت. ئێمە ئەم بەدیلە سیاسە بە پیكهینانی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری كوردستان دەزانین تابتوانێت سەرجەم ئەو نارەزایەتیانەی

خەلکی کوردستان کۆبکاتەوە و ئالوگۆری جدی لەوەزعی ئیستای سیاسی وئابوری کوردستاندا پیك بهێنێت و بەرنامە و پلاتفۆرمی چارەسەری ئەم بارودۆخە جێبەجێ بکات کە خۆی لە جیاکردنەوەی کوردستان لە عیراق و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان و کۆتایی هینان بە دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیونالستە دەسەلاتدارەکان و دامەزراندنی ئیدارە و حکومەتی هەلبژیردراوی خەلك و جیاکردنەوەی دین لە دەولەت و یەکسانی ژن و پیاو و دابینکردنی ئازادی سیاسی و دابینکردنی زەمانەتی ئابوری و کۆمەلایەتی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان دادەمەزرێ و خەبات دەکات بۆ بەدیهینانی ئەو پلاتفۆرمە لەئیستادا.

3. جەنابتان وەکو کوردێك دروستبونی دەولەتی کورد لەوکات وساتەدا چەند بەگرنگی دەزانی؟ بۆچی؟

وەك لە پرسیاری پیشوودا ووتم کە چارەسەری رەوشی ئیستای کوردستان لەبەرامبەر خەتەر و نادیاری ئایندەکەیدا جیابونەوەی کوردستان و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانە . لیرەدا پیویستە ئەوە بڵێم کە من خوازیاری دروستبونی دەولەتی کوردستانم نەك دەولەتی کورد ، هەرچۆن داوادەکەم کە عیراق ناسنامەی عروبەی نەبێت تا هاولاتیانی غەیری عەرەب لە عیراقدا وەکو کورد پلەدوو و ژێردەستەی نەتەوەی سەردەست نەبن ، بەهەمان شێوە لە کوردستانیش دەبێت ناسنامەی دەولەت قەومی نەبێ و کوردی نەبێ و وەکو هەموو دەولەتانی مۆدێرنی غەرب ناسنامەی دەولەتی غەیرە قەومی بێت و هەموو دانیشتوانی کوردستان بە ووڵاتی خۆیان بزانن چ کورد بن ،یا تورکمان یا ئاشوری یا یەزیدی یا عەرەب وە هەموو وەك هاوڵاتی یەکسان سەیریان بکرێت و ناسنامەی هیچ کامیان نەکرێتە سەردەست و پلەیەك و ناسنامەی ئەوانی تریش وەك ژێردەست وپلەدوو سەیر بکرێت.

ئاراستەی چارەنوسی کوردستان بەدوای ستراتیژە نوێیەکەی بوشدا بە لەدەستدانی وەزعیەتی دیفاکتۆی "فیدرالی" دەچێت و ئەمریکا کردویەتە قوربانی سازدانەوەی هاوسەنگی هێزی خۆی لەگەڵ سونە و ناسیونالیزمی عەرەبیدا. هەرچەند ئەمریکا دوچاری بن بەستێکە ،کە خۆی لەراپۆرتەکەشدا نیشان دەدات، بەوەی لەلایەك دەیەوێت بەرەیەك لەدژی ئیران و ئیسلامی سیاسی دروست بکات بەلاّم لەهەمان کاتدا ناچارە فشاری ئەم ئیسلامە سیاسیە لەعیراقدا قبولّ بکات و دەسەلاتی بە شیعە داوە. هەربۆیە ئەمریکا ناچار بە پاشەکشەی زیاتر دەبیت بۆ قبولکردنی مەرجەکانی سونە و ناسیونالیزمی عەرەبی و تورکیا تاکو باری شەڕی لە عیراقدا لەسەر سووك بێت و بەم پێیەش چارەنوسی کوردستان لەم ساتوسەودایەدا بەکاردەهێنێ و مەرجەکانی ئەو لایەنانەی بەسەردا دەسەپێنێ. ئەمە چارەنوسی کوردستانە لە بازنەی مانەوەی لە عیراقدا و لەڤەلەکی سیاسەتی ئەمریکادا. ئەوەتا پێشمەرگە دەنێرن بۆ نێو شەڕی عێراق تاکو ئەمریکا نەخشەکەی سەرکەوێ .ئەمە راکێشانی کوردستانە بۆ ناوئاگری شەڕێك کە نیوملیۆن ئینسانی تێداکوژراوە و هێشتا سەرەتایەتی. ڕێگاچارەی سیاسی خەڵکی کوردستان جیابونەوەیە لە عێراق وبەرپاکردنی رفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەنیا ڕێگاچارەی عەمەلی و مومکینە بۆ دەربازکردنی خەڵکی کوردستان لەم وەزعە پڕمەترسیەدا. هیچ ئایندەیەك بۆ هێمنی وئارامی و سەقامگیری سیاسی بۆ عیراق و کوردستان لەسایەی ئەم ستراتیژیەی نوێیەی بوش و حکومەتی مالکی شیعەدا بەدی ناکرێ و بازنەی شەڕی تیرۆریستانە و شەڕی تایفی درێژەی دەبێ.

ڕێگاچارەی سیاسی خەلکی کوردستان لەمانەوە لە عیراقدا نیيە.لەمانەوە لە بازنەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عیراقدا نیيە. لەو فیدرالیزمە شکست خواردوەدانیيە کە یەکێتی وپارتی درێژەی پێدەدەن. پێداگری یەکێتی وپارتی لە پاشکۆهێشتنەوەی کوردستان بە عێراقەوە ئێستا خەتەرەکەی دەرکەوتوە. ئایا ئایندەیەك بۆ کۆتایی ئەم شەڕو کێشەیە لە چوارچێوەی مانەوە لەگەڵ شیعە وسونەدا هەیە و ئایا لە ململانێ لەگەڵ ئەم هێزانەدا کە پشتیوانەی ناوچەیی‌یان هەیە و چارەنوسی عێراق پەیوەستە بەو هێزە ناوچەیی وشەڕی ئەمریکا وئیسلامی سیاسیەوە ئایندەیەك بۆ خەڵکی کوردستان جگە لە بونە قوربانی ئەم شەڕو ژێردەستەبوونی ئەم هێزە کۆنەپەرست و داگیرکارانە هەیە. راپۆرتەکەی بیکەر هاملتون ئەو چارەنوسە ڕەشەی

ئەم وەزعیەتە دەیسەپێنێ بەسەر خەڵکی کوردستاندا بەرۆشنی خستۆتە بەرچاو و دووربینێکە کە ئەو ئایندەیەی لەنزیکەوە بەرۆشنی پیشانداوە. هەربۆیە رێگاچارەی سیاسی خەڵکی کوردستان جیابونەوەیە لە عێراق.بەرپاکردنی رفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەنیا رێگاچارەی عەمەلی و مومکینە بۆ دەربازکردنی خەڵکی کوردستان لەم وەزعە پرمەترسیەدا. خەڵکی کوردستان دەبێت بەرامبەر بە بەدیلی فیدرالی ئەمرۆ بەدیل و شیعاری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بەرزبکەنەوە.پیویستە بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم بەرێبخرێت کە ستراتیژەکەی سەربەخۆیی بێت نەك وەك ئەو بزوتنەوەی رفراندۆمەی شێرکۆ بیکەس وەسیلەوکارتی فشاری یەکێتی وپارتی بێت بۆ فشارهێنان بۆ سەپاندنی خواستی فیدرالی. ئێمە لەپیناو بەرێخستنی ئەم بزوتنەوەیەدا ئێستا لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەستمان کردوە بە کۆکردنەوە وئامادەکردنی سیاسی وعەمەلی خەڵك. خەڵکی کوردستان دەبێت باوەڕیان بەئیرادەی خۆیان هەبێت و ئەو چاوەروانی و خۆفریودانەی سیاسەتەکانی ئەمریکا و پاشکۆیەتی حزبەدەسەلاتدارەکانی کوردستان بۆی دروستیان کردوە دەبێت کۆتایی پێبێت و خەڵك خۆیان بریار بدەن لەسەر چارەنوسی کوردستان. هەر ئێستا پیویستە رفراندۆم لەکوردستاندا بکرێت تا خەلك بریار لەسەر چارەنوسی کوردستان و جیابونەوەی لە عێراق بدات. کێشەی کەرکوك بەبێ دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان حەل ناکرێت و بەرپاکردنی شەڕ لەسەر مادەی 140 کێشەی کەرکوك دەسپێرێ بە شەرێکی نەبراوە کە کۆتاییەکەی دیارنیە و دەیکاتە بەشێك لەو شەرەناوخۆییەی ئێستا لە عیراقدا هەیە.پێویستە رفراندۆمی کەرکوك هاوکاتی رفراندۆمی کوردستان بکرێت کە چارەنوسی کوردستان و کەرکوك پیکەوە یەکلایی بکرێنەوە.

ئاشکرایە سەربەخۆیی کوردستان رێگایەکی دژوارە و دوژمنی زۆرە. بەلام بەبەراورد لەگەڵ رێگای مانەوە لە عیراقدا و کەوتنە دوای سیاسەتەکانی ئەمریکا و شەری یەکێتی وپارتی لەسەر بەشە دەسەلاتی"فیدرالیان" رێگایەکە کە ئایندەی هەیە و کەمتر قوربانی بێئاکامی دەبێت. ئەمریکا لەمەوقعیەتێکدایە لە عێراق فشاری هەموو هێزە ناوخۆیەکان قبولٌ دەکات تاکو ناچار بەراکردن نەبێت. داوای خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و بەرێخستنی حەرەکەتیکی سیاسی بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم دەتوانێت ئەم فشارە دابنێت و بەتایبەت کاتێك کە پشتیوانیەکی نیودەولەتیشی هەبێت. پشتیوانی نیودەولەتی لەئیستادا کە کوردستان پاشکۆی عیراق بێت ئیمکانێ‌یە و هەرداوایەکی فیدرالی و 140 وەك کێشەی ناوخۆی خەلکی عیراق سەیری دەکەن ولایەنگری بۆ پەیدانابێت.بەلاّم لەکاتیکدا جیابونەوەی کوردستان وەك ریگاچارەیەك کە خەلکی کوردستان دەیەویت بەهۆیەوە لە بەلاّی شەری عیراق رزگاری بێت بیگومان پشتیوانی سیاسی و نیودەولەتی بۆ خۆی رادەکێشێ. سەرکوتکردنی حەرەکەتیکی سیاسی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کە پشتیوانی وبەشداری زۆربەی خەلکی کوردستانی لەپشت بێت سەنگ و قورساییەکی لە ساحەی سیاسی عیراقدا دەبێت و لەناوخۆی عیراقدا کە شیعە وسونە توانای سەرکوتیان نابێت و هێرشی تورکیا وئیرانیش کارێکی ئاسان نیە لەم هەلومەرجەدا.تورکیایەك کە داوای چونە پەرلەمانی ئەوروپا دەکا و ئیرانیش کە سزای ئەنجومەنی ئاسایشی بۆ بەرنامەی ئەتۆمی لەسەرە. بەلام کاتێ ئەم فرسەتە لەدەست بدرێت و کوردستان رۆبچێتە ناو شەری قەومی وتایفی عیراقەوە ئەوکات دەخالەتی دەولەتەکانی ناوچەکە رێگەی جیابونەوەی کوردستان سەدقات ناهەمواردەکا و ئیمکانی سەرکوت وبالاّدەستی تورکیا وئیران بۆ جیابونەوەی کوردستان مسۆگەر دەبێت. هەربۆیە ئێستا هەلومەرجی گونجاو و لەبارە بۆ هاتنەمەیدانی ئیرادەی خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆکردنی کوردستان و رێگەنەدان بەسەپاندنی دریژەپیدانی بەدیلی شکست خواردوی فیدرالیزم و قوربانی کردنی ژیان وچارەنوسی چەند نەوەی تری کوردستان. ئەمرۆ هاتنە مەیدان بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هێندەی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی بۆ خەلکی کوردستان پێویستە.نارەزایەتیەکانی ئیستا دژ بەراپۆرتەکە بیکەر – هاملتون دەبێت بکرێتە سەرتای ئەم رێگایە و شیعاری نا بۆ پاشکۆیەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەلێ بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرزکەینەوە. زەمینەی بۆ دەستپیکردنی ئەم کارە فەراهەمە و سەرخستنیشی بەندە بە هاتنە مەیدانی ئیرادەی خەلکی کوردستانەوە بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنوسی سیاسی خۆی و دەرهێنانی لە کۆنترۆلی حزبە دەسەلاتدارەکانەوە.

4. کێشەی کەرکوك کە کێشەیەکی هەموو کوردە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەرای جەنابتان لیژنەی جیبەجیکردنی ماددەی 140 تا چەند بە ئیش وکارەکانی خۆی هەڵساوە؟

هەروەك خۆتان دەڵێن کێشەی کەرکوك کێشەی هەموو کوردێکە ، واتە کێشەی کەرکوك و کێشەی کورد لە عیراقدا ناکرێت لەیەك جیابکرێتەوە و پیکەوە گرێدراون. هەربۆیە کێشەی کەرکوك بە مادەی 140ی دەستور چارەسەر ناکرێت چونکە بەبێ چارەسەری کێشەی کورد لە عیراق لە بنەڕەتدا هەر مادەیەکی وەك 140 چارەنوسی نادیارە. کێشەی کوردیش لە عیراقدا لانی کەم لەم نزیك بە 4 سالەی دوای روخانی بەعسدا سەلماوە کە بەفیدرالی حەل ناکرێت و دەستوریش کە لە چوارچیوەی ئەم فیدرالیزمەدا دانراوە ئایندەی نادیارە و هەر ڕۆژەی سونە داوای گۆرینی بەدیکی دەکات و ئەمریکاش فشار بۆ یەکێتی وپارتی دەهێنێ قبوڵی بکا. هەربۆیە مەسەلە لیژنەکەی کاك قادر عزیز نیە ئیش دەکەن یان نا؟ مەسەلەی کەرکوك بەپێی مادەی 140 دراوەتە دەست پرۆسەیەك کە تەوازنی هێزی نیوان شیعە وسونە و کورد و هەلویستی ئەمریکا و هەولەکانی تورکیا و وولاتانی ناوچەکە دەیبرینیتەوە. 4 ساڵە باس لە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك دەکرێ بەلام کەرکوك لە هەموو کات ویرانتر و نائارامتر و ئاوارەکانی لە خراپترین و نائینسانی ترین بارودۆخدان. هەربۆیە چارەسەری کێشەی کەرکوك پەیوەندی بە چارەنوسی کوردستانەوە هەیە و بەجیا ئیمکانی چارەسەری نیە و نەبەشەڕ دەتوانرێ لە ئیستادا بخریتە سەر کوردستان و نە ریگای ئاشتیشی لەبەردەمدایە بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنوسەکەی. کوردستان خۆی چارەنوسی لە عیراقدا دیاری نیە تاکو بتوانێت چارەنوسی کەرکوك یەکلایی بکاتەوە.

هەربۆیە ئێستا پیویستە رفراندۆم لەکوردستاندا بکرێت تا خەلك بریار لەسەر چارەنوسی کوردستان و جیابونەوەی لە عێراق بدات. کێشەی کەرکوك بەبێ دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان حەل ناکرێت و بەرپاکردنی شەڕ لەسەر مادەی 140 کێشەی کەرکوك دەسپێرێ بە شەڕێکی نەبڕاوە کە کۆتاییەکەی دیارنیە و دەیکاتە بەشێك لەو شەڕەناوخۆییەی ئێستا لە عیراقدا هەیە.پێویستە رفراندۆمی کەرکوك هاوکاتی رفراندۆمی کوردستان بکرێت کە چارەنوسی کوردستان و کەرکوك پیکەوە یەکلایی بکرێنەوە. جیابونەوەی کوردستان فرسەتی لەبار بۆ هەلبژاردنی خەلکی کەرکوك دەکاتەوە کە بریار بدەن دەچنە پاڵ کام دەوڵەت ،دەولەتی سەربەخۆی کوردستان یان مانەوە لە عێراقی داگیرکاری و شەڕدا. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە لەئێستادا بۆ خەڵکی کەرکوك ئەوەیە کە ئایا بەسەر کام حزب وهێزانەدا دابەش دەبن ، شیعە یا سونە یا کورد.ئەمە لەواقیعدا کەرکوك دابەش دەکات و ڕێگەی چارەسەری کێشەی کەرکوك نیە. هەربۆیە کەرکوك بەشێك لەکێشەی کوردە لەعێراقدا و دەبێت پێکەوە ئەم دوو کێشەیە بە دوو رفراندۆمی پیکەوەگریدراو چارەسەر بکرێن و رفراندۆمی کوردستان دەبێت پێش رفراندۆمی کەرکوك بکرێت و رفراندۆمی کەرکوك بەبێ رفراندۆمی کوردستان ناتوانێت چارەسەری کێشەی کەرکوك بکات و ڕێگا وبەدیلیك بداتە دەست خەڵکەکەی تا بتوانن بەدروستی بریاری لەسەر بدەن بەشیوەیەکی سیاسی و شارستانیانە ئەنجامی بدەن و پرۆسە و ئاکامەکەی شەڕی قەومی نەخولقێنێ. بۆچی یەکێتی وپارتی نایانەوێت کێشەی کورد لە عیراقدا چارەسەر بکەن و رفراندۆم لە کوردستاندا بکرێ بەڵام ئامادەن شەڕ لەسەر رفراندۆمی کەرکوك بکەن ؟ ئاشکرایە ئەوان کێشەی کەرکوك بەوەدەزانن کە نەخراوەتە سەربەشە دەسەلاتی ئەوان و مەسەلەیان چارەسەری کێشەکەی نیە. هەرچۆن دەسەلاتی ئەوان لە کوردستاندا جێگیرە و پیویستیان بە رفراندۆم لە کوردستاندا نیە لەکاتیکدا 99٪ خەلکی کوردستان جیابونەوەی دەوێت.

5. چۆن دەستوری هەریمی کوردستان هەلدەسەنگێنی و ئایا هیچ کەموکوڕیەکی هەیە، ئەگەر هەبێت ئەو کەمو کوڕیانە چین وە ئەگەر نەیبێت تا چەند مافەکانی تێکرای گەلی کوردی داوە؟

ئەم دەستورە لە چوارچیوە گشتیەکەیدا کۆپیەکی دەستوری عێراقە کە دەستورێکی ئیسلامی و دواکەوتوانە و پیچەوانەی خواست و ئازادیە فەردی وسیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە. باس لە گۆرینی تەنها بەندێك نیە بەلکو باس لە نا ووتنە

بەسەرجەم بەندە کۆنەپەرستانەکانی ئەم دەستورە کە لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و سکۆلاری کوردستاندا نایەتەوە و یەکێتی وپارتی وەك هەر یاسا وریسایەکی تری خۆیان دەیانەوێ بەناوی دەستور و رفراندۆمەوە بیسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

لە واقیعدا ئەوە تەنها سیاسەت و بەرژەوەندی یەکێتی وپارتیە کە چوارچێوەی ئەم دەستورە دیاری دەکا. نمونەیەکی بەرچاوی ئەم راستیە زیادکردنی مادەی 7 بۆ بنەما سەرەکیەکانی دەستورە کە تیایدا دەڵێ

"بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان".

ئەم بەندە بەو پێیەی لە یاداشتی رونکردنەوەکەی ڕەشنوسی دەستورەکەدا هاتووە لەلایەن لیژنەی ئامادەکارەوە زیادکراوە. ئەم زیادکردنی شەریعەتی ئیسلامە داوای یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیە بەڵام نیشانەی هاوتا بوونی پێوەر و بەرژەوەندی یەکێتی وپارتیە لەگەڵ ئیسلامیەکاندا بۆ شەریعەتی ئیسلامی.

ئەم دەستورە بەو پێیەی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ یاساکانی ، دەستورێکی ئیسلامیە و یاساکانی ئیسلامین. پێوەر و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ پێوەر ومافێکن کە ئیسلام دایناون . بەم پێیە لەکوردستانیش نمونەیەکی تر لە دەسەڵات و قانونی ئیسلامی پەیڕەو دەکرێ هەروەك ئەوەی حکومەتە ئیسلامیەکانی سعودیە و وولاتانی عەرەبی و ئەلقاعیدە و حەماس و یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە و ئەنسار ئیسلام بەبەرچاوەمانەوە رۆژانە پەیرەویان لێکردوە وجێبەجێیان کردوە. کۆمەڵگا و دەسەڵات بەپێی ئەم بەندە مەحکومن بە یاسا و دەسەڵاتێکی ئیسلامی و هەر تاکێك یان کۆمەڵێك لە کوردستاندا لەسایەی ئەم شەریعەتە ئیسلامیەدا ژیان و ماف و چارەنوسی دیاری دەکرێ. بەم شێوەیە زەمینەی مانەوە و دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی و کۆنەپەرستی ئیسلامی جیگیر دەکرێ و جیایی دین لە دەوڵەت و دەسەلاتی مەدەنی لە کوردستاندا بەپێی ماددەی 7 قەدەغە دەکرێ.

ئەگەر بڕیارە خەلك لەم پرۆسەیەدا بەشداربن دەبێت ئەم چەند پرسیارە بکەین ؛

- ئایا دانانی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سانسۆرکراوی حزبی ئەو سەکۆ ئازادەیە کە خەڵکی کوردستان بتوانن گوزارشت لە راو و بۆچونە جیاوازەکانیان بکەن لەسەر دەستور؟ لەم دوو مانگەدا زیاتر لە 3 ملیۆن ئینسان بەو پرسیارە یەك دەقەیە دەتوانێت بڵێین بەشداری بەکردەوە کردوە لە داڕشتنی دەستورێك کە بڕیارە مەسەلەکانی ژیان و چارەنوسی ئەو دیاری بکا؟
- ئایا دەور و کاریگەری حزبە سیاسیەکان و ریکخراوە جەماوەریەکان لەسەر ستراتیژی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان بە ۆرك شۆپیکی یەك دوو ڕۆژە بەرتەسك دبێتەوە؟ ئایا ئەمە بەشداری راستەقینەی خەلکی کوردستانە لەو ڕەشنوسەدا کە دەبێتە تاکە دەستوری پیشنیارکراو یان ئەمە تەنها پرسە گورگانەیەکە بۆ سەپاندنی ئەو دەستورە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە؟
- کوا ئەو بودجەیەی دانراوە بۆ خەڵکی کوردستان کە بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەر ئەم دەستورە بتوانێت سەرفی بکات بۆ راگەیاندن و گۆڕینەوەی بیروراکانی ؟
- کوا ئەو تریبون و مینبەر و وەسیلانەی حزبەسیاسیەکان و ریکخراوە پیشەیی یەکان بەیەکسانی دەتوانن رای جیاوازی خۆیان لەسەر ئەم دەستورە بەڕای گشتی بگەیەنن؟
- ئەگەر لە هەلبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا سەرەرای بەشداری نەتەوەیەکگرتوەکان ناوچەکانی سلیمانی و هەولیر ودهۆك لە لیستی رەشی UNدابن ئەبێت لە دەنگدانی ئەم دەستورەدا کە یەیکتی وپارتی تەنها خۆیان سەرپەرشتی بکەن لە ڕەش زیاتر دەبێت چی بێت؟
- ئەگەر ئەم دەستورە بەراورد لەگەڵ دەستوری فەرنسا و ئەمریکا و وولاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا دانراوە ، کام یەك لەو دەستورانە دینی کردوە بەسەرچاوەی یاسا و دەسەڵات؟

**ئەگەر هیچ کام لەمانە لەم پرۆسەی دەستورەدا رەچاو نەکراوە و رەچاو ناکرێت ، ئەم دەستورە تەنیا رێگای ئەوەیە کە رەت بکرێتەوە نەك وەك هەندێك خۆش خەیاڵانە بەدوای گۆرینی تەنها بەندێکیەوە بیت . بەندەکانی سەبارەت بە چارەنوسی کوردستان و بە ئازادی سیاسی و مافی ژنان و بیکاران و زەمانەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری هەموویان هێندەی بەندی 7 دژ بەمافەکانی خەلکی کوردستانە ئەگەر داوای گۆرینی هەموو ئەوانە نەکەیت و ئەم دەستورە رەت نەکەیتەوە کە هەموو ئەوانە پیشیل دەکات دەبیتە ئیسلاح خوازێکی سایەی دەسەڵات کە هیچ بە هیچ ناکات.**

**جگە لەمانەش کوردستان هێشتا چارەنوسەکەی دیار نىیە و حکومەتیکی نىیە کە خاوەنی شەرعیەتی نیودەولەتی بێت تاکو دەستوری بۆ دیاری بکرێ و نمونەی دواخستنی رفراندۆمی دەستور بۆ کاتیکی نادیار خۆی نیشانەی ئەو نادیاری چارەنوسی دەسەڵاتە لە کوردستاندا و وابەستەبونیتی بە بریاری ئەمریکا و ململانێی هیزە ناوخۆیی و ناوچەیىیەکانەوە.**

**6. ئایا مافی کەمە نەتەوەکانی کوردستان تا چەند لە دەستوری کوردستاندا جێگیرکراوە؟**

**دەستوری پیشنیارکراو لەسەر بنەمافی دامەزراندنی دەولەتیکی سکۆلاری غەیرە قەومی دانەنراوە و دانانی بەندی 7 کە ئیسلام دەکاتە دینی رەسمی و سەرچاوەی یاسادانان یەکێك لەو هەڵاواردن و ژیردەستەکردنی خەلکی مەسیحی و ئاشوری و کلدانی و یەزیدی یە. هاوکات دانانی ئاڵای کوردستان کە پێشتر لەلایەن حزبە کوردیەکانەوە دیاریکراوە و هیچ رفرادۆمیکی لەسەر ناکرێت و وەك تاکە بەدیل دانراوە وە هاوکات و لەوە خراپتر سرودی ئەی رەقیب کە هەموو کەس بەدوژمنی کورد دادەنیت بریارە بەپێی ئەم دەستورە لە کوردستاندا بکریتە سرودی نیشتمانی و هەموو رۆژێك بدرێت بە گوێی دانیشتوانی غەیرە کوردی کوردستاندا ، هەریەك لەمانە کە ئامادەنین بیگۆڕن ئەو مافە لە خەلکی تورکمان و ئاشوری و عەرەب و ئەوانی تر دەسەنێتەوە . پیویستە دەستوری کوردستان لەسەر بنەمای مافی هاولاتی یەکسان و لابردنی هەموو قانون و رەمز و کارێك دابنرێ کە دوور بێت لە رەگەزپەرستی و راسیستی.**

**نمونەیەکی زیندووی زاڵ بوونی ئەم ئەفکار و سونەتی ئیسلامی و راسیستىیە دەتوانین ببینین لەو کارەساتەی مانگی شوباتدا کە بەهاندانی مەلا وئیسلامیەکان و بە پشتیوانی ئاسایشی پارتی دژ بە یەزیدیەکانی کوردستان کرا ، ئەم فەرهەنگ و سیاسەتە ئیسلامی و راسیستىیە لە کوردستان دەبێت نەمێنێت ئەگینا هیچ کام لە خەلکی غەیری کورد ناتوانێت لە کوردستان هەست بە مافی یەکسانی هاوڵاتی بوون بکات و ئەم جیاکاری و راسیزمە دەبێت لە دەستور و قانونی کوردستاندا لابریت و قەدەغە بکرێ هەرچۆن راسیزم لە ئەوروپادا قەدەغەیە و وەك تاوان سەیر دەکرێ ومامەڵەی لەگەڵ دەکرێ . بەم شێوەیە دەتوانین ریگا لەدوبارەبونەوەی کارەساتەکەی بەسەر یەزیدیەکاندا هات بگرین.**

**7. ئایا مافی ئافرەت تا چەند لە دەستوری هەریمی کوردستاندا جیگیرکراوە؟**

**بەندی 7 کە بەئاشکرا هەموو مافەکانی ژنان دەخاتە ژێر دەستی شەریعەتی ئیسلامەوە . ئەمە هەر بەندێکی تر کە باس لە مافی ژنان دەکات دەسرێتەوە . بۆیە هەر پێشنیارێك بۆ چاکردنی ئەم دەستورە لەسەر مەسەلەی ژنان بەبێ باسکردن لە لابردنی مادەی 7 تەنها خۆلادان لەو مەسەلە چارەنوس سازەیە کە دەسەڵات دەیەوێت بەبێ ئارەق لێی دەربچێ. پرسیارەکە ئاسانە ، ئەویش ئەوەیە کە دین لە دەولەت جیا دەبێت یان دین دەکرێت بە یەکیك لەسەرچاوەکانی یاسادانان؟ ئەوانەی دەیانەوێت بەناوی عەلمانیەتی میانەڕەو هەم خواشیان بوێت وهەم خورماش ، هەم ئیسلام تیکەڵ بە دەسەلات بکەن و هەم دەسەلاتی مەدەنی و عەلمانیان بوێت، تەنها خۆیان هەلناخەلەتێنن بەڵکو خەلکی کوردستان هەڵدەخەلەتێنن و چەواشەی دەکەن و لەراستیدا دوورن لە عەلمانیەتەوە. ئەمانە تەنها دەتوانن راویژکاری دەسەڵات بن بۆ پاساوی بە ئیسلامی کردنی دەستور و دەسەڵات لەکوردستاندا و لە پینەوپەڕۆی ئەم دەستورە ئیسلامىیە زیاتر هیچی تر ناکەن. ڕەخنەی جەماوەری مەدەنی کوردستان و ریکخراوە سیاسی و پیشەیی و ریکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ و هەموو دەنگیکی ئازادیخواز لە ئیسلامی بوونی ئەم ڕەشنوسە دەستورەیە . ئەمە یەکێك لەو خاڵانەیە کە ئەم دەستورە دەکاتە وەسیلەی سەپاندنی قانون و دەسەلاتی کۆنەپەرستی بەسەر کۆمەلگای مەدەنی کوردستاندا و گۆرینی دەسەلاتی حزبی چەکدار لەلایەن جەماوەرەوە بە**

دەسەلاتیکی مەدەنی دووردەخاتەوە. هەربۆیە دەبێت رەخنە لە بوون و دەسەلاتی ئیسلام لەم دەستورەدا بەخاڵی سەرەکی دابنرێت و ئەم دەستورە بەبێ جیاکردنەوەی دینی ئیسلام لێی شایەنی بانگەواز بۆ "نا" گوتنە پێی و هیچیتر.

8- ئایا ئیسلامیەکان لە کوردستان ئێستا چۆن مومارەسەی کاری سیاسی دەکەن لەموعارەزەدان یان لەگەڵ حکومەت ، گەر لەگەڵەلە حکومەتدان بۆ رەخنە دەگرن گەر موعارەزن بۆچی لە ویستێکی راستەوخۆ ئاشکرایان ینە ؟

وەڵام: ئیسلامیەکان لە کوردستان هەم بەشدارن لە حکومەتی هەرێم و هەم لە ئۆپۆزسیۆنی حکومەتن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەولەتێك لە کوردستاندا نیيە تا پیناسەی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن وەك ئەوەی لەدنیادا و لەکۆمەڵگایەکی نۆرماڵ و مۆدیرندا بتوانێ کوردستانیش بگرێتەوە. حکومەت لە کوردستان دەسەڵاتی چەند حزبێکی میلیشیاییيە کە ئیسلامیەکانی کوردستان لەسایەی ئەم دەسەڵاتە و لەدژی ئەم دەسەڵاتەدا بەدوای سەپاندنی قازانج و دەسەڵاتی خۆیانەوەن. لەسایەی ئەم حکومەتەی یەکێتی وپارتی دا هەمیشە دەرگا بۆ ئیسلامیەکان کراوەبوە کە ئەوانیش بەشێك لە دەسەلات وداهاتی کوردستانیان بەرکەوێت جا ئەمە بەفشاری جمهوری ئیسلامی ئێران بوبێت وەك رێکەوتنی نیوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی یاخود ئاکامی سوود وەرگرتنی ئیسلامیەکان بوبێت لە شەڕی ناوخۆی کوردستان وپشتیوانی سعودیە وەك یەکگرتوی ئیسلامی.

سەرەڕای ئەم واقعیەتە خالی جیاکەرەوەی ئیسلامیەکان لە باقی حزبە سیاسیەکانی کوردستان ئەوەیە کە مومارەسەی کاری سیاسی ئیسلامیەکان تیکەڵاوە بە مومارەسەی کاریتوندوتیژی و تیرۆر کە گروپە جیاجیاکانی ئیسلامیەکان لە کوردستان پێی هەڵساون و ناتوانین کاتێ باسی مومارەسەی کاری سیاسی ئیسلامیەکان و بەشداریان لە حکومەت و بونیان لە ئۆپۆزسیۆندا دەکەین ئەم لایەنەی کاری توندوتیژی وتیرۆریان لەبەرچاو نەگرین و حسابی حزبێکی سیاسی وەك حزبەکانی تری کوردستان یان دنیای رۆژئاوایان بۆ بکەین. هەرئەمەش وای کردوە کە خەڵکی کوردستان هەڵویستی نەگەتیڤیان هەبێت لەسەر ئیسلامیەکان چ لە بەشداریان لە حکومەتدا و چ لەبونیان لە ئۆپۆزسیۆندا. بەواتایەکی تر بڵێین ئیسلامیەکانی کوردستان لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە پرۆسەی سیاسی بۆ دەست بەدەست کردنی دەسەلات و ئازادی سیاسی بۆ هەموو لایەنەکان نیيە و رێگای توندوتیژی و تیرۆر وەك بەشی تەواوکەر و جیانەکراوەی ستراتیژیانە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و ئەمەش لەسەر حسابی سڕینەوەی ئازادی سیاسی لە کوردستان تەواودەبێت. ستراتیژی دامەزراندنی دەسەڵاتیکی ئیسلامی بەبێ دەست بردن بۆ توندوتیژی و سڕینەوەی ئازادیە سیاسیەکان ناکرێت هەروەك لە ئێران و سعودیە و حکومەتی تالیبان دا بینیومانە. بەتایبەتی لە کوردستان کە کۆمەڵگایەکە ڕیشەی مەدەنیەت و عەلمانیەت تیایدا بەهێزە سەپاندنی حکومەت و دەستوری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بۆ ئیسلامیەکان کارێکی سەختە و ڕوبەڕوی ناڕەزایەتی جەماوەریە هەروەك لە دژی تاوانی تیرۆریستانەی ئاوایی حەمە دوای کارەساتی 11 سیپتەمبەری 2001 بینیمان. هەربۆیە دەبینین گروپە ئیسلامیە جیاوازەکانی کوردستان هەم لەریگای بەشداری لە حکومەتدا وهەم بە معارزە نیشاندانیش دەیانەویت بەو ئامانجە بگەن و ناتوانن دەستبەرداری حکومەت ببن چونکە سەرچاوەی داهات و مانەوەیانە و ناشتوانن دەستبەرداری معارەزە و توندوتیژی ببن چونکە ئامانجیان سەپاندنی دەسەڵاتیکی ئیسلامی و نەهێشتنی عەلمانیەت و مۆدیرنیزم و ئازادی سیاسیيە. ئەمە تەجروبەی شەڕەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەپاڵپشتی ئێران و شەڕی ئەنسارئیسلام کە پاڵپشتی مادی و مەعنەوی هەموو ئیسلامیەکان کرا ، ئەم ڕاستی مومارەسەی ڕابردوی ئیسلامیەکان لە مەیدانی کاری سیاسیدا نیشان دەدات.

ئۆپۆزسیۆن بوونی ئیسلامیەکان شیوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە گرتوە لە فشار هێنان لەسەرەوە لە ئاستی حکومەت و دەسەڵاتی یەکێتی وپارتیدا بۆ جێبەجێکردنی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی بەرامبەر بە مەسەلە و ڕوداوەکانی لە

کۆمەڵگای مەدەنی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە و ناکۆك بوە بە بنەماکانی ئیسلام وەك داخستنی رۆژنامەکانی لەچەشنی بۆپێشەوە و یەکسانی و قەدەغەکردنی کتێب و نوسینی رەخنەگرانە لە ئیسلام . یاخود ئەم معارەزەیە شێوەی توندوتیژ و تیرۆریستی بەخۆوە گرتوە وەك کارەکانی انصارالاسلام و تیرۆری کۆمۆنیستەکان و هەرەشە و فتوای کوشتنی رۆشنبیرانی وەك مەریوان هەلەبجەیی و ریبوار احمد و شیرکۆبێکەس و هتد..وە تا ئەوەی گەیشتە رادەی وەك معارەزی کۆمەڵی مەدەنی کوردستان کەوتنە تەقاندنەوەی ئارایشتگای ژنان و پەلاماری ژنان لە ناو بازارەکاندا .

ئۆپۆزسیۆن بوون لە کوردستاندا ئێستا بەمانای ئەوەدێت کە داوای باش بژێوی خەڵك بکەیت ،داوای کارەبا و سوتەمەنی و نەهیشتنی گرانی بازار و بیمەی بێکاری و کۆمەڵایەتی بکەیت .ئەم مەسەلانە لای ئیسلامیەکان کە خۆیان لە حکومەتدان و بەشێك لە داهاتی کوردستانیان پێدەدرێت خۆیان بەشدارن لەراگرتنی ئەو وەزعە خراپەی بژێوی خەلکدا و ناتوانن و نایانەوێت ببنە ئالاهەلگری باش بژێوی خەڵك. لەهەمان کاتدا چارەنوسی کوردستان کە بەهۆی پاشکۆیەتی بۆ عێراق لەبەردەم مەترسی تیوەگلانی لە شەری ناوخۆی عیراق و دەستدرێژی ئیران وتورکیادایە ، مەسەلەی ئیسلامیەکانی کوردستان نیەیە چونکە ئەوان لەم هەلومەرجەدا کە ئیسلامیە شیعە وسونەکانی عیراق باڵادەستن پشتیوانەیەك بۆ گۆرانی وەزعی کوردستانیش بە قازانجی خۆیان دەبینن و هەربۆیە هەمان هەلویستی یەکیتی وپارتیان هەیە لە مانەوە لە چوارچێوەی عیراقدا. بەم هۆیەشەوە ئیسلامیەکان نایانەوێت لە ئیستادا وەك معارەزەیەکی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی دەرکەون لەکاتیکدا سیاسەتی ئیلحاقکردنەوەی کوردستان بە عیراقەوە خزمەتی زیاتر بەئیسلامیەکان دەکات و درێژەکێشانی ئەم وەزعە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی جارێکی تر ئیسلامیەکان وەك دەورانی 1994بۆ 2001ببنەوە ئۆپۆزسیۆنیکی خەتەر لەسەر دەسەڵاتی یەکیتی وپارتی و یەکگرتووی ئیسلامی لە حکومەت دا و کۆمەڵی ئیسلامی لە ئۆپۆزسیۆنێکی توندوتیژ و پاڵپشتی دەرکەوتنەوەی گروپە تیرۆریستەکانی وەك ئەنسارئیسلام ، هەلومەرجی کوردستان بەرەو ناجیگیری زیاتر و دەستیوەردانی جارێکی تری ئیران ببەن.

9. شهری مهزههبی لهناوهراستی عیراق کێ هۆکاری بوو شیعه یان قاعیدە و گــروڵە توند رەوەکانی سوننه ؟
وەڵام: شەری تایفەگەری ئاکامی شەری دەسەلاتی هێزە شیعە و سونیەکانە لەسایەی داگیرکاری ئەمریکا لە عێراقدا. نەخشەی ئەمریکا بۆ دروستکردنەوەی دەولەتی عیراق دوای روخانی بەعس و نەمانی پەیکەرەی دەوڵەتی عیراق دەرگای بەسەر ئەم شەرە تایفەگەریەدا خستەسەرپشت کاتێك ئەوەی پێی دەڵێن پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراق و دانانی دەستور و حکومەت لە عێراقدا لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەهمەکان بەپێی شیعە و سونە بەرێوەچوو. ئەمە لەپاڵ بوونی هێزی داگیرکاری ئەمریکادا عێراقی کردۆتە مەیدانی شەری تیرۆریستانی ئەلقاعیدە و سونە لەبەرامبەر ئەمریکاو هێزەکانی شیعەدا. سونەکان و پاشماوەکانی بەعس شەر لەسەر بەشە دەسەڵاتی زیاتری خۆیان و گێرانەوەی دەسەڵاتی پێشوویان و لەم پیناوەدا بەشیکیان بونەتە هاوکار و هاوپەیمانی ئەلقاعیدە و بەشیکی تریشیان لە رێگەی پچرینی بەشی زیاتر لە حکومەتی مەرکەزیدا درێژە بەفشار وکاری تیرۆریستانەیان دەدەن. لەبەرامبەریشدا میلیشیاکانی هاوپەیمانیتی شیعە لە ریگای تیرۆرەوە سونەکان قەتل و عام دەکەن و لە حکومەتیشدا باڵادەستی خۆیان دەپارێزن و بە پاڵپشتی تەواوی عەسکەری و سیاسی ئیران خەریکی یەکلاکردنەوەی باڵادەسەڵاتی شیعەن لە ناوچەکەدا.

هەربۆیە ئیستا شەری مەزهەبی نیوان شیعە و سونە لەعێراقدا لەسەر دەسەلات تیکەڵ بوە بە شەرێکی ستراتیژی تری نیوان ئیران و حکومەتە ناسیونالستیە عەرەبیە سونەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەلایەك و شەری نیوان توندرەوەکانی سونە و شیعە لەگەڵ ئەمریکادا لەلایەکی ترەوە و ئایندەیەکی نادیاری داوە بە کۆتایی هاتنی ئەم شەرە مەزهەبیە و هەردوو لا و هەردوو جەبهەکە کۆمەڵگای عێراقیان نوقمی سیناریۆیەکی رەش و کۆنەپەرستانە کردوە و خەڵکی عیراق باجی شەری باڵادەست بوونی هێزەکانی شیعە وسونە دەداتەوە و بەبێ دەست کۆتاکردنی ئەم هێزانە و

**کۆتایی هینان بەداگیرکاری ئەمریکا ودامەزراندنی دەسەڵاتیکی مۆدیرن و سکۆلار ئەم کۆمەڵگایە ئارامی و ئەمنیەت بەخۆیەوە نابینێ و لەم کوشتار و تیرۆریزمەی شیعە وسونە ڕزگاریان نابێت.**

**10. ئایا ستراتیژەکەی بوش تا چەند سەرکەوتنی بەدەست هیناوە لە عیراق و دەوری کورد لە پرۆسەی ئەمنیەکەی بەغدا چۆن دەبینیت؟**

**وەڵام : سەرخەتی ستراتیژی بوش بریتیە لەدەربازبوون لە شکستیکی سیاسی و عەسکەری کە ئەمریکا لە سایەی داگیرکاری عیراقدا ڕووبەڕوی بۆتەوە. لەباری عەسکەریەوە زیاترکردنی چەند هەزار سەربازێك و بردنە پیشی چەند ئۆپەراسیۆنیکی سەربازی لە شاری بەغداد و رومادی و شارەکانی تری ناوەراستی عیراقدا دوای ئەوەی 3ساڵ بەردەوام ئەم شەڕە بەردەوام بوە نەیتوانیوە ئاکامێکی جیاوازی بێت لەوەی تائیستا ئەم شەڕانە باری نائەمنی پەشێوترکردوە. سوپای ئەمریکا و هێزە سونیەکان و ئەلقاعیدە و هێزەکانی بەدر و سوپای مەهدی دوای ئەم 3 ساڵە بونەتە تەوەرەکانی شەڕ کە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی دروستکردوە و چەند بەرەیکی دژ بەیەك و لێك هەڵپێکراوی جەنگێکی سەپاندنی دەسەڵاتن کە پرۆسەی سیاسی سازدانەوەی دەسەلاتی لەعیراقدا کردۆتە پاشکۆی خۆی و شەڕی ئەم سوپا ومیلیشیایانە ئایندەیەکی دیاریکراوی نیە بۆ کۆتایی هاتن و بەدرێژەکێشانی مانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا سەقامگیری سیاسی بەبن بەست گەیاندوە.**

**میلیشیاکانیان مانگانە بە هەزاران کەس لە یەکتری ولەخەڵکی مەدەنی دەکوژن. ئەمانە لەشەڕی یەکلاکردنەوەی دەسەلاتدان و دریژەی ململانێی دەولەتەکانی ئیران و ناوچەکەن. باسکردنی ئەوەی ئەمنیەت بەمانە ولەسای داگیرکاری ئەمریکادا چاك بکریێت دوای ئەوەی لە 3 ساڵی رابردوادا زیاتر لەنیوملیۆن ئینسان کوژراوە بەئەقلی کەسدا ناچێ.**

**ئەوەی ڕووی داوە لەدوای 2003وە ئەوەیە کە لە ئاکامی داگیرکاری عیراقدا هاوسەنگی هێز لە عیراق وناوچەکەدا بەزیانی ئەمریکا و بەقازانجی ئیران وئیسلامی سیاسی ،بەبالە جیاوازەکانی ئەلقاعیدە وحەماس وحزب اللە وشیعە وسونەوە، گۆڕاوە .ئەم ئالوگۆڕە نەخشە وستراتیژی ئەمریکای خستۆتە ژیر هەرەشەوە و باڵادەستی ئەمریکای بردۆتە ژێرپرسیارەوە و ئیران و ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا دەستێکی باڵایان پەیداکردوە و لەرێگای شکست پیدانی ئەمریکا لە عیراقدا دەیانەوێت مێخی باڵادەستی خۆیان بەکورسی دەسەڵاتداریتی ناوچەکەدا دابکوتن. سەرخەتی ئەم سیاسەت وستراتیژیە نوێیە کە تەعبیرلەم ئالوگۆڕە لە لەعیراقدادەکات بریتیە لەوەی کە دەوری ناسیونالیزمی عەرەبی و سونە زیاد بکا و ئارایشی دەسەڵات و دەستور لەسەر بنەمای تەوازنیکی نوێی نیوان سونە وشیعە وکوردساغ بکاتەوە .هاوکات لەئاستی ناوچەکەشدا دەیەوێت وەڵامی ئەو شکستە بداتەوە کە ئەمریکا لەئاکامی داگیرکاری عیراقدا لەسەر دەستی ئیران وئیسلامی سیاسی لە لوبنان و فەلەستین و ناوچەکەدا خواردویەتی و لیرەشدا دیسانەوە بایداوەتەوە بەلای ناسیونالیزمی عەرەبی دا وەك لەراپۆرتەکەدا هاتوە دەیەوێت (ریاچ) بکاتە مەرکەزی پەیوەندی عیراق بە ناوچەکەوە.**

**بەڵام ئەم هەنگاوانەی ئیدارەی ئەمریکی لە عیراق و ناوچەکەدا بۆ گۆڕینی بالانسی هیزەکان ئاسان نیە بەهۆی وەزعێك کە ئەمریکا تیایدا قەراری گرتوە. ئیستا ئەمریکا ،وەك ساڵانی هەشتاکان لەشەری عیراق – ئیراندا ،ناتوانیت حکومەتە عەرەبیەکان و ناسیونالیزمی عەرەبی لەبەرامبەر ئیران وئیسلامی سیاسیدا رێك بخات. ناسیونالیزمی عەرەبی نایەویت ئەو دژایەتیەی لەبەرامبەر ئەمریکادا لەناوچەکەدا هەیە لەریگای جەبهەیەکی واوە کە بەلایەنگری ئەمریکا لەقەلەم دەدریت خۆی بکاتە شەریکی شکستیك کە ئەمریکا بەسەریدا سەپاوە و ئیسلامی سیاسی شکستی ئەمریکا راستەوخۆ بخاتە خزمەت شکست پیهینانی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی عەرەبیش. لەعیراقیشدا ئەم بەرەیە شکستی خواردوە لەبەرئەوەی لەلایەك ئیران و سیستانی رێکەنادەن هاوپەیمانیتی شیعە و ستراتیژی ئەوان بەم بەرەیە تیك بدریت و هیزەکانی صدر وەك فشارێك بەکاردەهێنن. لەلایەکی تریشەوە سونە ئێستا ئاستی داواکانی هێندە لەسەرەوەیە کە لەگەڵ بەرەیەکی وادا نایەتەوە کە لە چوارچیوەی راگرتنی حکومەت ودەستوری ئێستای عیراق دا دەیەویت بچیتە پێش. هاشمی بوەتە کەسی دووەم لای بوش و لەلایەن سوریا وئەردەن وسعودیە ومیسر و تەنانەت تورکیاشەوە پشتیوانیان لێدەکرێت.**

ئاراستەی چارەنوسی کوردستان بەدوای ستراتیژە نوێیەکەی بوشدا بە لەدەستدانی وەزعیەتی دیفاکتۆی "فیدرالی" دەچێت و ئەمریکا کردویەیتە قوربانی سازدانەوەی هاوسەنگی هێزی خۆی لەگەڵ سونە و ناسیونالیزمی عەرەبیدا. هەرچەند ئەمریکا دوچاری بن بەستێکە ،کە خۆی لەراپۆرتەکەشدا نیشان دەدات، بەوەی لەلایەك دەیەوێت بەرەیەك لەدژی ئێران و ئیسلامی سیاسی دروست بکات بەڵام لەهەمان کاتدا ناچارە فشاری ئەم ئیسلامە سیاسیە لەعیراقدا قبوڵ بکات و دەسەلاتی بە شیعە داوە. هەربۆیە ئەمریکا ناچار بە پاشەکشەی زیاتر دەبیت بۆ قبولکردنی مەرجەکانی سونە و ناسیونالیزمی عەرەبی و تورکیا تاکو باری شەڕی لە عیراقدا لەسەر سووك بێت و بەم پێیەش چارەنوسی کوردستان لەم ساتوسەودایەدا بەکاردەهێنێ و مەرجەکانی ئەو لایەنانەی بەسەردا دەسەپێنێ. ئەمە چارەنوسی کوردستانە لە بازنەی مانەوەی لە عیراقدا و لەفەلەکی سیاسەتی ئەمریکادا. ئەوەتا پێشمەرگە دەنێرن بۆ نێو شەڕی عێراق تاکو ئەمریکا نەخشەکەی سەرکەوێ .ئەمە راکێشانی کوردستانە بۆ ناوئاگری شەڕێك کە نیوملیۆن ئینسانی تێداکوژراوە و هێشتا سەرەتایەتی. ڕێگاچارەی سیاسی خەڵکی کوردستان جیابونەوەیە لە عێراق وبەرپاکردنی رفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەنیا ڕێگاچارەی عەمەلی و مومکینە بۆ دەربازکردنی خەڵکی کوردستان لەم وەزعە پڕمەترسیەدا. هیچ ئایندەیەك بۆ هێمنی وئارامی و سەقامگیری سیاسی بۆ عیراق و کوردستان لەسایەی ئەم ستراتیژیەی نوێیەی بوش و حکومەتی مالکی شیعەدا بەدی ناکرێ و بازنەی شەڕی تیرۆریستانە و شەڕی تایفی دریژەی دەبیت. بەشداری کورد نەك ئەمنیەت بۆ بەغدا دابین ناکات بەلکو ئەمنیەتی کوردستانیش تێك دەدات.

11. ـگـهر ئهمهریکا هیرش بکاته سهرئیران به رای بهریزتا ن بـۆ بهرژهوهندی کوردستان چاکتره له رووی سیاسی وئیقلیمیهوه یان وهزعی سیاسی و ئیقلیمی بـۆ کورد زیاتر ئالۆز دهبیت .

وەڵام: هیرشی ئەمریکا بۆ سەر ئیران وەزعی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکا و کوردستانیش دەکات بەژێردەستوپێی هێزەکانی جمهوری ئیسلامی ئیران و ئەمریکا وتورکیاوە. هەر ئیستا دەبینین هەم ئیران سنورەکانی لەگەڵ کوردستاندا پڕکردوە لە پاسدار و هەم ئەمریکاش نیازی هەیە لە کوردستان بنکەی سەربازی دابمەزرێنێ. هەروەك هیرشی ئەمریکا بۆسەر عیراق بوە مایەی بەهێزبوونی جمهوری ئیسلامی ئیران و ئیسلامی سیاسی بەهەمان شێوە هیرش بۆ سەر ئیران هەلومەرجیکی نالەبار لە ناوچەکەدا دەهینیتە ئاراوە کە بە زیانی ژیان و مافەکانی خەلکی ئیران و عیراق و ناوچکە دەبێت . ئەنجامی ئەو هێرشە داروخانی ئابوری و هەلوەشانەوەی بنەما مەدەنیەکانی کۆمەلگای ئیران و دەست ئاوالابوونی سوپای پاسداران و جمهوری ئیسلامی ئیران دەبێت بۆ سەرکوتی زیاتری خەلکی ئیران و دەستیوەردانی زیاتریان لە عیراق و لوبنان و فەلەستیندا دەبێت. بەم شێوەیە زەمینەیەکی زیاتر بۆ ئیسلامیەکانی کوردستانیش وەك ئەنسارئیسلام و کۆمەڵی ئیسلامی و ئەوانی تر فەراهەم دەکات کە بە پاڵپشتی ئیران وەزعی کوردستان بەرەو ناجیگیری زیاتر بەرن.

هەرچۆن خەڵکی کوردستان لە سیناریۆی شەڕی ئیستای ئەمریکا لە عیراقدا بوەتە قوربانی کە باجی شکستەکانی ئەمریکا دەدات ، هەرئاواش لە فراوانبونەوەی ئەم شەڕەدا بەرەو ئیران هەرچی زیاتر کوردستان دەبیتە مەیدانی شەڕی ئەمریکا وئێران و خەڵکی کوردستان باجی شەڕی نیوان ئەم دوولایەنە دەدات. خەلکی کوردستان دەبێت لە پاشکۆیەتی چارەنوسی بۆ ئەم شەڕانەی نیوان ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی خۆی دووربخاتەوە و جیابونەوە لە عیراق و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ لە کوردستان ئەو ڕێگاچارەیە کە ئیتر ڕێگە لەوە دەگرێت بەهۆی وابەستەیی کوردستان بەوەزعی عیراقەوە خەڵکی کوردستان لەلایەن حزبە دەسەلاتدارەکانەوە بەدوای سیاسەت و شەڕی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕابکێشرێت. پشتیوانی خەلکی کوردستان لەخەلکی ئیران بۆ روخاندنی جمهوری ئیسلامی ئیران ڕێگایەکە کە بەقازانجی خەلکی کوردستانە بۆ رزگاربوون لەدەست بەڵای ئیسلامی سیاسی و دەستدریژیەکانی جمهوری ئیسلامی ئیران بۆ سەر کوردستان.

12. ئایا هەرەشەکانی تورکیا چۆن دەبینیت و دەبیت حکومەتیکوردستان چۆن چۆنی هەلسوکەوت لەگەڵ ئەم جۆرە هەرەشانە بکات؟

وەڵام- ئەم لێدوانە هەڕەشەئامێزانەی تورکیا بەرامبەر بە کوردستان بەدوای راپۆرتی بەیکەر-هاملتون و مەسەلەی شکستی ستراتیژی ئەمریکا لە عێراقدا بەم شێوەیەی ئێستای هاتۆتە ئاراوە. راپۆرتی بەیکەر—هاملتون زەنگیکی خەتەر بوو کە سیاسەتی ئەمریکای بەرامبەر بەتورکیا بە ئاراستەی رازی بوون بەم داوایانەی تورکیا نەخشەی بۆ ئەمریکا داناوە. حکومەتی شۆڤینستی تورکیا خۆی لە بۆسەدا داناوە تاکو کەڵك لە شکستی ئەمریکا ببینێ لەعێراقدا و بۆیە ماوەیەکە کەوتۆتە پشتیوانی کردنی هێزە سونەکانی عێراق و خۆئامادەکردن بۆ دەستیوەردان لە وەزعیەتی عێراق. ستراتیژی تورکیا بریتییە لە پەیداکردنی شوێن پێیەك لە عێراقدا تاکو بتوانێ دەوری لەناوچەکەدا بکاتە وەسیلەیەکی فشار لەسەر لایەنە نیودەولەتیەکان و گێڕانەوەی دەورانی سەروەری سوپای تورکیا و جیگاوشوێنی لای ناتۆ وەك لەکاتی دەورانی جەنگی ساردا بەهرەمەند بوو لێی.

داوا لەسەر دەورپیدانی تورکیا لە دیاریکردنی چارەنوسی کەرکوکدا و نەهێشتنی پەکەکە و گۆڕینی دەستور و بەهێزکردنەوەی حکومەتی مەرکەزی عێراق، ئەو دەستدرێژیە سیاسیانەی تورکیایە کە لەپیناویدا شمشیری لەشکرکێشی سوپای تورکیای بۆ بەرزکراوەتەوە. ئەم هەڕەشانە رۆژبەڕۆژ بارودۆخی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەبات و بەتایبەت ئەگەر ئەمریکا رێگا بە لەشکرکێشی تورکیا بدات بەبیانوی لێدان لە هێزەکانی پەکەکە.تورکیا لەساڵی 1991تا 2003 خەریکی دانانی پشتێنەی ئەمنی بوو و لەکوردستاندا هێز و بنکەی دانابوو بەڵام نەخشەی ئیستای لەمەش تێپەڕدەکات و دەیەوێت کوردستان بخاتە ژێر رکێفی عەسکەری خۆیەوە و دەست لەچارەنوسی کوردستان وەربدات و بیکاتە شوێن پێی دەخالەتی لە عێراقدا بەتایبەت لەکاتی تیکچوونی شیرازەی وەزعیەتی ئیستا و پەرەگرتنی شەڕی چەند لایەنەی تایفی و قەومی لە عیراقدا. هەروەك ئەردۆغان دەڵێ نایانەوێ کەرکوکیان وەك قەرەباغ لەدەست بچێ و بەم شێوەیە خۆیان بە خاوەنی کەرکوك و موسڵ دەزانن و مەبەستی لەشکرکێشی تورکیا ئەگەر بەبیانوی پەکەکە دەست پێبکات بەڵام ئامانجی کۆتاییان کەرکوك و دەستێوەردان لە عیراق و کوردستاندایە و بونە بەیەکێك لە هێزە ئیقلیمیە باڵادەستەکان.

13. رای جەنابتان دەربارەی ئاژانسی هەواڵی nawxo.org؟ دوا وتەت بۆمان؟

وەڵام : سوپاس بۆ دیمانەکەتان و پرسیارەکانی ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ گرنگن و لەروی هونەریشەوە سایتیکی باشە .دوا وتەشم هیوادارم سایتەکەتان لە خزمەت بە خوینەراندا بەردەوام بێت .